وەزارەتی تەندروستی پێنج حاڵەتی نوێی "تای خوێنبەربوون" تۆمار دەکات.

ئەمڕۆ یەکشەممە، وەزارەتی تەندروستی تۆمارکردنی پێنج حاڵەتی نوێی تووشبوون بە تای خوێنبەربوونی ڕاگەیاند، بەمەش کۆی گشتی تووشبووان لە سەرەتای ئەمساڵەوە بە ١٩ حاڵەت بەرزبووەوە.

سەیف بەدر، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی لە بەیاننامەیەکدا کە بە دەست موتەبع گەیشتووە، ڕایگەیاندووە، "پێنج حاڵەتی نوێی تووشبوون بە تای خوێنبەربوون تۆمارکراوە، بەمەش کۆی گشتی تووشبووان لە سەرەتای ئەمساڵەوە بە 19 حاڵەت بەرزبووەتەوە".

ئاماژەی بەوەشکرد، تووشبوونەکان بەم شێوەیە دابەشکراون: 7 تووشبوون لە پارێزگای زیقار، 4 تووشبوون لە پارێزگای کەرکوک، جگە لە تۆمارکردنی دوو حاڵەتی گیانلەدەستدان، 3 تووشبوون لە پارێزگای موسەننا، و هەریەکە لەپارێزگاکانی نینەوا، بەسرە، هەولێر، میسان و واست یەک تووشبوون.

ئاماژەی بەوەشکرد، "دابەشکردنی حاڵەتە تۆمارکراوەکانی تای خوێنبەربوون لە بەغدا و پارێزگاکان ئاماژەیە بە ئەوەی کە ژمارەی تووشبووان گەیشتووەتە 19 حاڵەت، لەنێویاندا دوو حاڵەتی گیانلەدەستدان".

بەدر داوای لە دەزگا میدیاییە جیاوازەکان کردووە، بەپێی بەیاننامەکە، "هەشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە مەترسییەکانی تووشبوون بە تای خوێنبەربوون و پێوەکردنی ڕەوشەنە پەویستەکانی خۆپارێزی".